# پێرست

**بابەتەکان** **لاپەڕە**


- گفتوگۆی رۆژنامەوانی/ لەگەڵ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ............ ٥
- رۆژنامەی ئاوێنە/ ١٨-٤-٢٠٠٨ - (ژمارە ١٥)
دەقی پرۆژەی نەوشیروان مستەفا بۆ چاکسازی لەناو یەکێتی دا ............ ٤٧
- رۆژنامەی چاودێر/
(ژمارە ٧٤ ی رۆژی دوشەمە ٢٤-٤- ٢٠٠٦) ............ ٥٣
- رۆژنامەی ئاسۆ/ (٢٧ ی ٦ ی ٢٠٠٦) ............ ٦٧
- هاوڵاتی/ ٢٤- ١- ٢٠٠٧ (ژمارە ٣١٠) ............ ٩٣
- لە یەکێتییەوە بەرەو کۆمپانیای وشە
شەرقولئەوسەت / ٩-١٢-٢٠٠٧ ............ ١٠٧
- لەگەڵ ئیلاف/ ١٨ -١- ٢٠٠٨ ............ ١١١
- The Middle East / ئایاری ٢٠٠٨ ............ ١١٥
- گفتوگۆی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ رادیۆی نەوا /
٢٨-٧-٢٠٠٨ ............ ١١٩
- لەگەڵ رادیۆی دەنگی ئەمەریکا - بەشی کوردی /
٢٦-٩- ٢٠٠٨ ............ ١٣٧
- گفتوگۆ لەگەڵ گۆڤاری گولان / ژمارە (٧٠٧)ی ٣-١١-٢٠٠٨ ............ ١٤١
- گفتوگۆی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ (الشرق الاوسط)
١٠-٤-٢٠٠٩ ............ ١٧٧
- هاوڵاتی / ١٩-٤-٢٠٠٩ ............ ١٨٧
- لەگەڵ لڤین / ١٥-٥-٢٠٠٩ ............ ١٩٧
- ئەلجەزیرە / ٧-٦-٢٠٠٩ ............ ٢٠٩

## ٢٦-٩- ٢٠٠٨

# لەگەڵ رادیۆی دەنگی ئەمەریکا – بەشی کوردی

*** کاک نەوشیروان سەرەتا حەز دەکەم بزانم بەپێی ئەو پێشهاتانەی کە لە ناوچەی خانەقین و مەندەلی و قەرەتەپە و جەلەولا و ئەمانە رویدا، ئەوەی کە بەندی ١٤٠ی دەستوری عێراق، تائێستا جێبەجێ نەکراوەو تەگەری لەبەردەمدایە چی چاوەڕوان دەکەیت بە تایبەتی بۆ مەسەلەی کەرکوک؟**

نەوشیروان مستەفا: بە بۆچونی من مەگەر کورد خۆی تەنازول لە کەرکوك بکات یان قیادەی سەرکردایەتی سیاسی کوردو نوێنەرەکانی کورد لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی دەوڵەتی عێراقدا تەنازول لە کەرکوك بکەن، ئەگینا کورد ئەتوانێت پێداگرێت لەسەر گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر کوردستان، چەندین میکانیزمی دەستوری و قانونی و سیاسی هەیە کە ئەتوانێ پێی لەسەر دابگرێت، مەسەلەی کەرکوك بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە باشترە وەك ئەوەی بە لایەکدا بکەوێت بە قازانجی لایەکەی ترو بە دۆڕاندن.

*** کاک نەوشیروان ئەوە کە لەم ماوەیەی رابردودا رویدا بوە مایەی قەیرانێک لە نێوان هەرێم و لە نێوان نێوەندا پێتوایە شتێکی بە بەرنامە بوبێت یان کەمتەرخەمی هەبوە لە ئەدای بۆ نمونە هاوپەیمانێتی کوردستان؟**

نەوشیروان مستەفا: بە رەئی من هیچیان نەبوە، بەڵکو غەڵەتی سەرکردایەتی کورد خۆی بوە، چونکە لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی

عێراقدا هەر پێنج نوێنەرەکەی کورد وەختی خۆی قبوڵیان کردوە کە سنوری ئیداری هەرێمی کوردستان ئەو خەتە بێت کە لە رۆژی ٢٠٠٣/٣/١٩ بە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بوە.

*** هەر ئەوەندە؟**

نەوشیروان مستەفا: بەڵێ

*** بۆ ئایندەی کەرکوک، ئەگەر بێت و ریفراندۆم نەکرا، ئەگەر بێتو بەو شێوەیەی کە کورد خواستیتی بەندی ١٤٠ جێبەجێ نەکرا هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تر هەیە؟**

نەوشیروان مستەفا: بە رای من کورد پێویستی بەوە هەیە بەرنامەیەکی هەمەلایەنە بۆ کەرکوك و هەمو ناوچە دابڕاوەکانی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا دابڕاون دابنێت، لە پێش هەمو شتێکدا دەبێت سەرکردایەتی کورد خەریکی ئەوە بێت کە کوردەکانی ئەو ناوچانە ئاشت بکاتەوە، چونکە لە دوای روخاندنی رژێمی سەدامەوە ئەو جۆرە ئیدارەیەی کە هەرێمی کوردستان و حیزبەکانی هەرێمی کوردستان ناردویانە بۆ ئەو شوێنانە نمونەیەکی خراپ بوە نمونەیەکی باش نەبوە، دەبێت گفتوگۆیەکی جدی بکرێت لەگەڵ تورکمان و لەگەڵ عەرەبدا کە ئەو ناوچانە تێکەڵاون بۆ ئەوەی ئەوان جۆرێك لە زەماناتی قانونی و زەماناتی دەستوری و زەماناتی سیاسیان بدرێتێ بۆ پاشەڕۆژ بۆ ئەوەی کە لەناو هەرێمی کوردستاندا هەست بەوە بکەن یان شعور بۆ ئەوە بکەن قازانجی خۆیان لەوەدا ببینن کە لەگەڵ کوردا بن باشترە، وەك لەوەی کە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا بن، ئەو بەرنامە هەمەلایەنە بێگومان بەرنامەیەکە دەبێت لایەنێکی سیاسی هەبێت کە بریتییە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو نەتەوە جیاوازانەی کە جیان لە کورد، دەبێت بەرنامەیەکی ئابوری بێت، بەرنامەیەك بێت زەماناتی قانونی تێدا بێت زەماناتی قانونی بە مانای ئەوانە دەبێت جێگەی ئەوانە لە هەرێمی کوردستاندا چ لە پەرلەمانەکەیا چ لە حکومەتەیا چ لە دەسەڵاتی قەزائییدا چ لە سوڵتەی مەرکەزیدا و چ لە نوێنەرایەتی کورددا لە خاریجدا بەشی ئەوانەی تێدا بێت بۆ ئەوەی ئەوانە رابکێشرێت، من خۆم ئێستاش ئومێدێکی زۆر زۆرم هەیە ئەگەر ئێمە بتوانین بەرنامەیەکی لەو بابەتە دابنێین بەشی زۆری ئەو ناوچە دابڕاوانە بگەڕێنەوە

بە ئارەزوی خۆیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، پێموایە ئەگەر سەرکردایەتی کورد واز لە مادەی ١٤٠ بێنێت خەتایەکی تەئریخی زۆر گەورە دەکات.

*** کاک نەوشیروان فاکتەری دەرەکی، فاکتەری وڵاتانی دراوسێ لەم هەمو وەڵامەی پرسیاری پێشودا کە ئاماژەت پێکرد پێت وانییە ئەمە فشارێک بێت بۆ سەر سیاسەتمەدارانی کورد هەم لە بەغداو هەم لە هەولێریش؟**

نەوشیروان مستەفا: بەڵێ، بەڵام پێموایە حاڵی حازر لە کوردستانی عێراقدا عامیلی داخلی عامیلی ئەساسییە، ئێمە ئەم هەرێمەی کە هەمانە بە بۆچونی من هیچ خەتەرێکی گەورەی خاریجی لەسەر نەماوە، من خۆم هیچ بڕوام بەوە نییە کە جارێکی تر جەیشی عێراقی بێت کوردستانی عێراق داگیر بکاتەوە یا توانای هەبێت، یا ئیعتیباراتی دەولی رێگەی بدات، یاخود جەیشی تورکی بێت کوردستانی عێراق داگیربکات، یا جەیشی ئێرانی بێت داخلی کوردستانی عێراق بێت. بە مانایەکی تر ئەم کیانە سیاسی و قانونی و ئیدارییەی کە ئێستا لە کوردستانی عێراقدا هەیە بە سەلامەتی ئەمێنێتەوە ئەگەر چی رەنگە زەختی لێبکرێت، قەسفی سنورەکانی بکرێت، زەختی ئابوری لێبکرێت، تەخریباتی تێدا بکرێت، بەڵام ئەو سیغە قانونی و ئیداری و سیاسییەی کە ئێستا هەیە ئەوە لە خەتەردا نییە، پێموایە دەبێت ئێمە فراوانتری بکەین. بە مانایەکی تر پێموایە سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەگەر خۆی بیەوێ ئێستا لە هەمو کاتێك زیاتر ئەتوانێ ئیرادەیەکی ئازادی هەبێت بۆ ئەوەی کە بڕیاردانێکی سەربەخۆی هەبێت.

*** کاک نەوشیروان ئەگەری شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی کوردیدا بە دوردەزانی، بەڵام بۆ نمونە ئەوەی کە لە خانەقین بینراو ئاماژەشیان پێکرد لە میدیای کوردییەوە یان لە هەندێ لایەنی سیاسی کوردییەوە بارێکی ئامادە باشی بو بۆ شەڕ؟**

نەوشیروان مستەفا: من بە داخەوەم کە باسی ئەوە بکەم جۆرێك لە بێ سەروبەری لە سەرکردایەتی کورددا هەیە، ئەگینا ئیعلانی حەرب لە هەمو جێگەیەکی دنیا دەزگایەکی بڕیاردانی سیاسی هەیە کە پێکدێت لە سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەو ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانەکەی و ئەو شوێنانەی کە پەرلەمانەکەی بریتییە

لە دو ژور ئەوانە هەموی بەژداری دەکەن لەو بڕیارە سیاسییە، ناشێت بێنی مەسەلەن چەند کەسێك بڕۆن شەڕێك هەڵبگیرسێنن میللەتێك توش ببێت بەبێ ئەوەی کە پێشتر بڕیاری لەسەر درا بێت، پێموایە ئەوە جۆرێکە لەبێ سەروبەری و نابێت جارێکی تر دوبارە بێتەوە، دەبێت دەرسێك بێت بۆ سەرکردایەتی کورد کە مەجالی شتی وا نەدەن، ئەگەر ئێمە بە تەما بین ئیعلانی حەرب بکەین لەسەر هەر لایەك و لەسەر هەر مەوزوعێك پێویستە ئەوە جۆرێك بێت کە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان تێیدا بەشداربن.

*** کاک نەوشیروان دوا پرسیارم، بۆخۆت دەزانیت و هەمو کەسیش دەزانێت ماوەیەکە لە کاری سیاسی دابڕاویت و خەریکی کاری رۆژنامەگەریت. ئەگەر ئێستا نەوشیروان مستەفا بگەڕێتەوە بۆ بواری سیاسی و لە دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا وەکو ئەندامێکی کارا کاربکات، بە چ شتێکدا دەچێتەوە و بەرنامەی تری بۆ دادەنێت بە چ شتێکیشدا وەکو خۆی دەیهێڵێتەوە، لە چ شتێکدا شتەکان وەکو خۆی دەهێڵێتەوە؟**

نەوشیروان مستەفا: من لە ٣٠ ساڵی رابردودا بۆ یەك رۆژیش لە کاری سیاسی دانەبڕاوم، رەنگە لە کاری حیزبی دابڕابم، بەڵام ئەوەی کە ئێستاش دەیکەم هەر کاری سیاسییە، بە رەئی من گەورەترین شت کە ئێستا لەبەردەمی کوردستانی عێراقدایە ئەوەیە کوردستانی عێراق جۆرێك لە تەجروبەی ئەوروپای شەرقی بە تایبەتی یەکێتی سۆڤیەت دوبارە دەکاتەوە، دەبێت بەوەدا بچێتەوە ئەویش بریتییە لەوەی کە دەبێت دەسەڵاتی حیزب جیابکاتەوە لە دەسەڵاتی حکومەت، دەبێت رۆشنایی و روناکی لە مەسەلەی بودجە و لە مەسەلەی عیلاقاتی سیاسی و لە کاروباری ئیداری و ئەوانە هەبێت، ئەگەر ئەوانە نەکات من زۆر مەترسی ئەوەم هەیە کە تەجروبەی جمهوریەتەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشو لە کوردستاندا دوبارە بێتەوە.

*** نەوشیروان مستەفا ئەمین من سوپاست دەکەم.**

نەوشیروان مستەفا: سوپاس

